**پەخشان لە زمانی عەرەبیدا سیفەتێکە کە بە واتای پەرش و بڵاو و قسەی نارێک و پەرش و بڵاو و نارێک بە پێچەوانەی رێکی، هەروەها یەکێکە لە قسەی دووانەیی لە بەرامبەر شیعردا.**

**لە ئینگلیزیدا (prose) کە لە بنەڕەتدا لە ووشەی (prosaیان proversa وەرگیراوە.کە بە واتای راست و رێک دێت کە بە دروستی هەمان واتای( نێرەر و رەها) دێت کە بە قسەیەک دەگوترێت داماڵدراو بێ لە کێش و سەروا، راستەوخۆ و بێ پێچ و پەنا دەگووترێت و لە بەرامبەر و دژ بە شیعر و هۆنراوە(نەزم) داندراوە.**

**پەخشان بە شێوەیەکی گشتی بابەتی نووسراو و قسەی نووسراو و دادەندرێت لە لایەنی (هەواڵ، و فەرمان و بڕیاردان، پرسیار و سەرسوڕمان، یان ئەو نامانەی کە خەڵکی بۆ یەکتری دەنووسن، کە ئامانجییان لەو نوسینانە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی دەروونییانە بۆ کەسانی تر. بەم پێیە پەخشان بە قسەیەکی نووسراو دەووترێت کە بێ کێش و سەروا بێت، بەم پێیە مەبەستی قسەکەر و نووسەر بە جۆرێکی جیاواز لە شیعر دەخرێتە روو. هەر بۆیە پەخشان بە گوێرەی ئەم پێناسانە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە ئەمانەن:**

1 – **قسەیەکی سادە و نووسراوە، بە یەکەوە بەستراوە، لەگەڵ بەدوای یەکداهاتنی ڕستەکان کە لەناویاندا تێگەشتن و واتا تیایدا بە شێوازێکی روون و رەوان و بە رێکخستنێکی فیکری ئاشکرا دەکرێت، واتاکانی روونن و هیچ پێچ و پەنایەکی تێدا نییە و بە گوێرەی یاساکانی زمان دەڕوات.**
2 – **قسەیەکی سادە و نووسراوە، کە لە هەموو کۆت و بەندەکانی یاسای شیعری ئازادە، هەروەها لە رووی واتا و لەفز و چوارچێوە و ئامانجەوە لەبەرامبەر شیعردا دەوەستێەوە.**
3 – **قسەیەکە لە سادەترین شێوەیدا لەسەر بنەمای گفتوگۆو قسەکردن دا بوونیاد دەندرێت، کە خاوەنی چەندین تایبەتمەندی سروشتی زمانییە، هەرچەندە تەمەنی پەخشان بچێتە سەرەوە کاریگەری کلتووری ئەدەبی بە شێوەیەکی پلە بە پلە زیاتر دەبێت و گفتوگۆی تازە دروست دەکات. پەخشان بەم واتایە بۆ خەڵکی گشتی و تایبەت و مناڵ و ئەهلی زمان بە سادەیی قابیلی تێگەشتنە.**
4 – **ئامانجی پەخشان لە واتای گشتیدا واتا گواستنەوەی سروشتی فیکر و ئەندێشەی نووسەر بۆ ئەوانی تر کە خوێنەر یا گوێگرن.**
5 – **ئەو وشانەی کە لە پەخشاندا بەکاردێت جیاوازە لە قسەی ئاسایی، چوونکە فەرمی ترە و لە کتێبی زمانەوانیدا چەسپێندراوە و ئاوازەکە خۆشترە لە قسەی ئاسایی.**

6 – له پەخشاندا هەر فیکر وئەندێشەیەک بە ژیانی مرۆڤەکانەوە پەیوەستە، و بەکاردێت، بۆیە بەکارهێنانی پەخشان لە ناو کۆمەڵگەدا بەربڵاوترە لە شیعر.

7 – له پەخشاندا ئەو زاراوانە بەکاردێت کە بۆ تێگەشتنی خەڵکی ئاسانتر بێت، هەروەها واتاکانی جۆرێک بن کە گونجاو و راستی تر بێت، هەموو ئەم لەفزانەش وەسیلەیەکە بۆ تێگەشتن و ئاشکراکردنی واتا.

<u>دەرکەوتنی شیعر پێش پەخشان</u>

میللەتان پێش ئەوەی هەست و سۆزی خۆیان بە پەخشان دەربڕن، بە شیعر گوزارشتییان لە هەستەکانیان کردووە، بەڵام بە هۆی ئاڵ و گۆڕی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، خەڵکی پێویستی بە هۆکارێک بوو کە ژیانی خۆیانی پێ بگۆڕن، لەو ڕێگایەوە گوارشت لە ژیانیان بکەن، شیعر بۆ گوزارشتکردن لەو گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە گونجاو نەبو، هەروەها شیعریان بە گوونجاو نەدەزانی لە رووی واتاوە بۆ ئەو گۆانکارییە، بۆیە ناچار بوون بە پەخشان ئەندێشەکانیان بخەنە ڕوو. بۆ نموونە: لە ئەدەبیاتی یۆنانی کۆن و رۆم، سەرەتا شاعیران بابەتەکانی ئەفسانە و داستانییان بە شیعر دارشتووە نەک پەخشان، چوونکە پەخشان بە لای ئەوانەوە تەنها بۆ مەبەستی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ئاینیدا بەکار دەهات، کە ئەم داواکاریانەش لە حەوزەی شیعردا بە دەرە.

لە ناو عەرەبدا و لە دەورەی جاهیلیەتدا بە نزیکەی(١٥٠ ساڵ) پێش ئیسلام شیعری کۆن عەرەبی بوونی هەبووە، شاعیرانی هەر خێڵێک شێوەزاری خۆیان بە باشتر دەزانی لەوانی تر و بە شێوە زاری قورەیشی شیعرییان دەووتەوە، تاوەکوو ئەلف بای عەرەبی کامڵ بوو و شیعری پووختەی سەردەمی جاهیلی نەوە بە نەوە گوازرایەوە و لە سەدەی (٣ی هیجری) بە تەواوی کامڵ بوو. بەو پێەی عەرەبەکانیش پەخشانیان تەنها بۆ مەبەستی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ئاینیدا بەکار دەهات، بۆیە لەسەردەمی جاهیلیەتی عەرەبیدا پەخشان بە دی ناکرێت.

لەگەڵ پێشکەوتین شار و شارستانەیەت و فراون بوونی حوکمی ئیسلامی پەخشانی عەرەبی پەرەی سەند و لە ناو دیوانی دەولەتدا لە بواری نامە و پەیمان نامە و مونازەرە و دیاری بەخشین و وەفدی دوڵەتان و پیا هەڵداندا گەشەی سەند و رەواج پەیا کرد. لەگەڵ هاتن ئیسلامدا پەخشانی عەرەبی لە سادەییەوە چووە قۆناغی پێشکەوتوو و بە کەماڵ گەشت.

**له ئەدەبیاتی ئنگلیزیدا کۆنترین دەقی نووسراوی پەخشان بە نزیکەی (یەک سەدە) دوای شیعر هاتە ئاراوە. بەو پێیە کۆنترین دەقی پەخشان لە دوای ساڵی ١٨٥٠ زایینی نووسراوەتەوە. پاشان نزیک لەو زەمەنە بە نزیکەی (٦٨٠)ی زایینی بە دواوە دەستنووسی قانوونی بە ئینگلیزی هەیە، بەڵام دەکرێ کۆنترین دەقی شیعری ئینگلیزی هەیە، کە سروودەکانی ئەفراندنی (کادمون)ە. (کادمون)کە دامەزرێنەری شیعری مەزهەبی ئینگلزە.کە پێش ساڵی٦٨٠دا بە دانای شیعرەوە مەشغوڵ بووە، دەستننوسەکانی (بیولووف) هی سەدەی هەشتەم یا پێش ئەوەشە.بۆیە نووسینەکانی یاسا و دادگاکان و کڵێسا بە تەواوی لەوانەیە دەکرێت کە داستانی حەماسی یا داستانە پەخشانییەکان دەکرێت لەو بەرهەمانە بن کە سەرەتاکانی نووسین بن.**

**لە ئەدەبیای فارسیدا بە هەمان شێووە شیعر لە وێش پەخشانەوەیە،گۆڕانی ناوخۆیی لە سێ سەدەی یەکەمیندا باوبووە و لە سەرچاوە جیاوازدا نووسراوە. لە هەر زمانێکدا دەکرێت شاعیرێک لەدایک بوبێت و مردبێت، کە دەکرێت دا شاعیر بوبێت. زمانی فارسی لە دای نەبۆیەوە تەنها بە موعجیزەی شاعیرانی فارس نەبێت.دوای(٢٠٠ساڵ) لە فەتحی وڵای فارس (یعقوب لیث صفار ٢٦٥ی هیجری) کە وەسفی خۆی لە محمد وەسیف بیست بە سادەیی ووتی( کە من شتێکم بۆ ووتن نەبێت چی بتوانم بڵێم؟) (چیزی کە اندر نیابم چرا باید گفتن).**
**لەمەوە شیعر فارسی دووبارە لە ناو عەجەمدا سەری هەڵدایەوە و زمانێکی نوێ درووست بۆیەوە و بە زمانی تاز شیعرییان دەووتەوە، چووونکە زمانی فەرمی دوای فەتحی وڵاتی فارس عەرەبی بووە و بە زمانی عەەبی دەیان نوسی. دواتر دوای پەیدابوونی شیعر پەخشانی فارسی درووست بوو، لەوانەش شانامە و داستانی قارەمانێتی درووست بوون، لە کۆنترین ئەو پەخشانانەش ( شانامەی موئەیەد بەڵخی و شانامەی عەلی محمدی کوری بەلخی... بوو، کۆنتری دەقیش شانامەی ( ئەبو منسور)یە کە پێشەکیەکەی هەیە لە ساڵی (٣٤٦ هەتاوی) نووسراوە و دەتواندرێت بە کۆنترین دەقی پەخشانی فارسی دابندرێت.**

**سەبارەت بە پەخشانی کوردی سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٨٥٠ بە دواوە، بەڵام بە ڕوونی مێژووەکەی دیار نییە.هەندێک لێکۆڵەر سەرەتای پەخشانی کوردی دەگەڕێننەوە بۆ گاتاکانی زەردەشتی و دەقی یارسانەکان و مەسحەفی رەشی ئێزدییەکان؛ بەڵام ئەمەش جێگای تێڕامانە، دواتر لە وانەکانی داهاتوو باسی لێوە دەکەین.**

**<u>هۆکاری سەر هەڵدانی شیعر لەپێش پەخشان:</u>**

1 – لە قۆناغی یەکەمدا شیعر واتای تایبەت و سەرنج راکێشی هەبووە، کە لەپەخشاندا ئەم جۆرە واتایە نابیندرێت، جوونکە زیادە ڕۆیی وجوانی و وێنەی هوونەری و خەیاڵی شیعری سەرنج راکێش کردووە، هەروەها خوێندنەوە درووست دەکات.

2 – لەبەر کردنی شیعر بە هۆکاری کێش و سەرواوە لەبەرکردنی ئاسان تر بووە وەک لە پەخشاندا. هەروەها ووتنەوە و گواستنەوەی لە مەجلیسەکان و ئاهەنگەکاندا بە هۆکاری جیاوازەوە عەمەلی تر بووە. لەبەرامبەردا شیعر خوانەکان بە ئاسانی لەبەریان دەکردو بەوپەڕی عەشقەوە دەیان وتەوە.

3 – زۆربەی شاعیران بە هۆکاری مەدح و شیعرەکانیان بە نان و ناوی خۆیان دەگەیشتن وناوبانگیان پەیدا دەکرد. لە کاتێکدا ئەم پێشوازییە لە پەخشاندا بەدی نەدەکرا.

4 – شیعر و مۆسیقا پەیوەندیەکی دانەبڕاویان بەیەکەوە هەبووە. هەر بەم بۆنەیەوە لە کۆڕی بەزم و رەزمدا بەکاردەهات سوودیان لێ دەبینی، لەلایەکی ترەوە ئاهەنگی مۆسیقی لەلایەن گۆران بێژان یان گوێگرانەوە هەستی خۆشی دەگەیەنێت، بەڵام پەخشان لەم تایبەتمەندییە بێ بەشە.

5 – شیعر بۆ ئاشکراکردنی هەستەکان و سۆزەکان بە گوێرەی بارودۆخەکان دڵڕفێن بووە، لەگەڵ ئەوەشدا پەخشان لەم توانایە بێبەش بوو.لە عورف و عادەتەکانیش وەها پێشوازی دەکرا کە شیعر قسەی مەنزومە و لە پەخشان بەرزترە.

6 – هەندێک لە نووسەران لەوانە(سەعالبی وقەلشقەندی) پەخشان بە باشتر دەزانن لە شیعر. (سەعالبی) دەڵێت: نووسەرەکان لە ڕێگەی پەخشانەوە بە پلەی باڵا دەگەن، هەروەها لە پەخشاندا بابەتەکانی وەکوو( بانگی جیهاد و دوعاو و پیرۆزبایی و سەرەخۆشی و.. هەموو ئەمانە فەزیلەتی پەخشانە لەسەر شیعر. هەروەها ئەوە دەخاتە روو کە پێغەمبەران شاعیر نەبوون و پەیامەکەیان بە پەخشان دەردەبڕی.

هەروەها(قەلشقەندی) لەو باوەڕەیە کە شیعر پابەندی کێش و سەروایە، شاعیر پێویستی بە کورتکردنەوە و پێشخستن و دواخستن هەیە.شیعر لە رووی واتاوە شوێن کەوتەی لەفزە بەڵام پەخشان وا نییە.

7 – لەسەردەمی نوێگەرایی و تازەگەراییدا پەخشان ڕەواجێکی زۆرتر و باشتری هەبووە لە شیعر، هەروەها لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە هەمان شێووە بووە، بەڵام لەسەردەمەکانی کۆندا بەو شێوەیە نەبووە.

**جیاوازی نێوان پەخشان و شیعر**

شیعر و پەخشان، وەکودووشێوەی نوسینی ئەدەبی ،لە زۆر لاوە جیاوازن. کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١– هەڵبەست(شیعر) لە ویژدان و سۆزەوە هەڵدوقوڵێ ،کەچی پەخشان زادەی هۆش ژیریە،واتە هەڵبەست لەگەڵ دڵو ویژدانی مرۆڤ دەدوێ هەوڵ دەدات بیبزوێنێ کەچی پەخشان لەگەڵ ئەقڵ و هۆشی مرۆڤ دەدوێ وهەوڵ دەدا بە ژێربێژی وردەکاری ڕاستەقینەکان بخاتە ڕوو، هەر لەبەر ئەمەشە هەڵبەست زیاتر کەسێتی شاعیری پێوە دیارە و پەخشان کەمتر کەسێتی نوسەرەرەکەی دەردەخا.

٢– زمان دەربڕین لە هەڵبەستدا ئاوێتەییە (تەرکیبیە) کەچی لە پەخشاندا شیکاریە (تەحلیلیە)، چونکە هەڵبەست پێویستی بە چڕی دەربڕین و کورتبڕی هەیە، کەچی پەخشان پێویستی بە شیکردنەوەو درێژە پێدان و لێکدانە وە هەیە.

٣– کێش و سەروا دوو ڕەگەزی زەق و بنجی هەڵبەستن بە تایبەتی هەڵبەستی دێرین، کە چی ئەمانە لە پەخشاندا مەرج نیە، تەنیا لە هەندێ پەند و قسەی نەستەقدا سەروا هەیە .ئەویش بۆ جوانییە.

٤– لە هەڵبەستدا زۆر جار کێش و سەروا شاعیر ناچار دەکات ڕیزی وشەکان لە ڕستەدا تێک بداو وشەکان پاشو پێشبکات ،بۆیە شاعیر لێی ناگیرێ وشە لە هەر شوێنێکی ڕستەی هەڵبەست دابنێ، بەمەوە داڕشتنی ڕستەکانی ناسروشتی دەردەچن کەچی لە پەخشاندا ڕیزی وشەکان دەبێ لە شوێنی خۆیان بن ، بۆیە ڕستەی پەخشان ڕەوانتر و ئاساییترە لە هی هەڵبەست..

٥– نەخشەی دابەشبونی هەریەکە لە هەڵبەست و پەخشان لە سەر لاپەڕەدا،جیایە.. واتە تۆبۆگرافیای دەقی هەلبەست جیایە لە هی پەخشان لە شیعری کلاسیزمی هەر دێرەی بە سەر دوو لەتدا دابەش دەبێت سەرواش بە گوێرەی جۆری هەلبەستەکە دەگۆڕێ. غەزەل و قەسیدە و چوارین و مەسنەوی و موستەزاد... هەریەکە جۆرە سەروایەکی هەیە و جۆرە نەخشەیەک بە هەڵبەستە کە دەدات لە سەر لاپەڕەدایە، کەچی پەخشان هەمووی بە سەر یەکەوە دەنوسرێ و تەنیا بە تەواو بونی پارچەیەک ، دێری نوێ دەست پێدەکات...

**بەش و جۆرەکانی پەخشان**

**پێناسەی وتار:**

**وتار هونەرێکە لە هونەرەکانی ئەدەب، پارچە دارشتنێکی درێژە و هاوسەنگە کە بەشێوەی پەخشان دەنوسرێت،ئاماژە بە لایەنە دەرەکیەکانی بابەتەکە دەدات بە شێوەیەکی ئاسان و خێرا. هەروەها تەنیا پەیوەندی بەو لایەنەوە هەیە کە زۆرترین کاریگەری لەسەر نووسەر هەیە.**

**پارچە نووسینێکە بە پەخشان دەنووسرێ، درێژییەکەی چەسپاو نییە، دەشێ یەک دوو لاپەڕە بێ و دەشێ بیست سی لاپەڕەبێ، بە شێوازێکی ڕوون و بە زمانێکی پاک و پاراو باسی بابەتێک دەکات و بیر و باوەڕ و هەست و سۆرزی نووسەرەکەی دەردەبڕێ.**

**لە هەموو جۆرە (ژانرە) ئەدەبییەکانی دی نەرم و دەستەمۆترە، چۆنت بۆێ وا دێتە دەست.**

**کورتە مێژوویەکی وتار:**

**ئەگەر چی ڕەگ و سەرە داو و ڕەگەزەکانی نووسینی وتار زۆر کۆنە بۆ سەردەمی یۆنانەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لەسەر دەستی مۆنتێنی فەرەنسی (١٥٣٣–١٥٩٢) یاسا و بنەماکانی گەڵاڵە بوون، ئەو کاتەی کە ساڵی (١٥٨٠) دوو بەرگی وتاری ئەدەبی بە ناوی) هەوڵەکان(Les essaies – ی بڵاو کردەوە، مۆنتێنی وتارەکانی درێژبوون و دەگەیشتنە چەند هەزار وشەیەک، بابەتەکانی بە زۆری بە دەوری شتی وەکوو: بدۆزنەکان، دەستووری جل و بەرگ و هونەری گفتوگۆدا بوو.**

**لە دوای مۆنتێنی (باکۆن) ئینگلیزی لە ژێر کاریگەری مۆنتێنی دا کۆمەڵە وتارێکی بڵاو کردەوە.**

**لە سەدەی حەڤدەهەمدا، هەندێ نووسەری وەکوو سێر ویلیەم کۆرنوێلیر و نیکولاس بریتون و سێرتۆماس ئۆڤەربێری، لە بواری وتار نووسیندا بەشداری چاکیان نواند و جێ پەنجەیان بە ڕەوتی وتار نووسینەوە ئاشکرایە.**

**لە سەدەی هەژدەهەمدا، بە هۆی دەرچوونی بڵاوکراوە و چاپەمەنی، وتار زیاتر بەرەو پێشچوو، ڕیچارد ستایل و جۆزیف ئەدیسۆن داهێنانی باشیان لە نووسینی وتاردا کرد.**

له سەدەی نۆزدەهەمدا وتار بناغەی پتەوتر خۆیشی گەشاوەتر بوو، بابەتەکانی فراوانتر بوون و وتار نووسەکان زیاتر بابەت و شێوزای خودییان پەیڕەو دەکرد، چونکە سەردەمەکە سەردەمی برەوسەندنی ڕێبازی ڕۆمانتیک بوو.

دیارترین وتارنووسی ئەم سەردەمەیە (لام و هازلت و دی کوینسی و ستیڤنسن) بوون... ئەوەی زیاتر گەشەی بە وتاردا دەرچوونی گۆڤار و ڕۆژنامە بوو، چونکە جێگای بڵاوبوونەوەی وتار بە زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکرایەوە... لە سەدەی بیستەمدا، وتار هەر لە چوونە پێشەوەدابوو و تا ئێستاش وتار نووسین نرخی خۆی لە دەست نەداوە.

لە کوردیدا، نووسینی وتار لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە سەری هەڵدا و چەسپا، ئەگەر پێشتر ڕەگەز و بنەماکانی وتار لە هەندێ نووسیندا هەشبووبێ بەو جۆرە نەبووە، ببێ بە ژانرێکی سەربەخۆ...

هەندێ سیمای وتاری چاک:

١ .وتار نووسینێکە، نە زۆر کورتە و نە زۆر درێژە بە دەوری (١٠) لاپەڕە مەزەندە کراوە.

٢ .باسێکی سەربەخۆیە، واتە نە لێکدانەوەی بیرێکی کورت و چڕە و نە کورت کرانەوەی باسێکی درێژە.

٣ .وتار بینای تایبەتی خۆی هەیە. لە پێشەکی و چەند پەڕەگرافیک و ئەنجام پێک دێ، بیری گشتی وتارەکە: بە پێی گرنگی، بەسەر پەرەگرافەکان دابەش دەبێ.

٤ .وشە و ڕستەکانی ڕوون و پوخت و بژاردەن، هەریەکە وەکوو خشتی دیوار لە شوێنی خۆی هاتووە.

٥ .ئامانجی سەرەکی بزواندنی هەست و سۆزی خوێنەرە...

٦ .وتار ناونیشانی هەیە و دەبێ ناونیشانەکە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی بگونجێ.

نموونەیەکی وتار:

وتارێک لە ژمارە (٩)ی ڕۆژنامەی (کوردستان) بە ناوی ( وڵات – وطن) بڵاو کراوەتەوە، نزیکەی سێ ستوونی داگرتووە، لە پێشەکیدا دەڵێ:

(وەتەن، ئانکۆ ولاتی مرۆ، جسمەک وەیە کوێن ژ وی جسمی موتەئەسیر دبن خەڵقێن وێ دەرێنە. دە وێجا هنگی مرۆێین وڵاتەکی خۆی قووەت ببن هەوقاس ئاخ و بەرێ وی ولاتی خۆی

**دبە. هنگێ بابێ من ژ کوردستانێ ڕابی ئەو مەئموورێن حکوومەت ڕێ دکە سەر گوند و باژاڕێن کوردستانێ وەک مارا، خونا خەلقێن کوردستانێ ڤەدەخ.**

**لێکدانەوەی ماناو وشەکان:**

**مرۆ: مرۆڤ**

**یێن: ئەوانەی**

**وێ دەرێ: ئەوێندەرێ، ئەوێ**

**هنگی: کاتێ کە**

**خۆی: خاوەن، خودان**

**هەوقاس: ئەوەندە**

**ئاخ: خۆڵ، زەوی**

**بەر: بەروبووم**

**ڕابی: هەستا، ڕۆیشت**

**ڕێ دکە: دەچێتە**

**ڤەدخون: دەخۆنەوە.**

**ئەم وتارە بە کوردییەکی ڕەوان نووسراوە، ئەگەرچی جاروبار وشەی بیانیشی تێکەوتووە بەڵام داڕشتەنەکی ڕوون و ڕەوانە.**

**ئەم وتارە هاندانە بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی کورد یەک بگرن و دژی داگیرکەر بجەنگن، جا ئەو داگیرکەرە چ عوسمانییەکان بێ و چ مسقۆف (واتە ڕووس).**

**جۆرەکانی وتار:**

**لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوودا وتار ببووە بابەتێکی ئاسان بۆ هەموو نووسەرانی ئەو سەردەمە، پەنایان بۆ دەبرد تاوەکوو تێرامان و بیرکردنەوەکانی خۆیان پێشکەش بکەن.بە بێ ئەوەی بەو یاسایانەوە پابەند بن کە (مۆنتێن و ئوباکون) دایان نابوو، ئەمەش وای کرد کە بوای وتار فراوان بێت و ئەو بەرەگ کۆنەی کە پۆشیبوی بیگۆڕێتەوە بە بەرگێکی تازەتر. ئەمەش وایکرد نوسەران بە دەوری بابەتی جیاوازدا بخولێنەوە کە بتوانێت سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێت، چوونکە نووسەر هەموو هەوڵێکی خۆی خستبووە کار تا بتوانێت بابەتێکی باش پێشکەش بکات.**

سروشتی ئەدەبیات وایە کە خۆی بە یەک بابەتەوە پابەند نەکات، هەر ئەمەش وایکرد وتار هونەرەکانی تر ئیستغلال بکات و سوودی لە هونەرەکانی تری وەکوو ژیان نامە، وچیرۆک و وێنای کەسایەتییەکان لە چیرۆک وەرگرت، لە شانۆ گفتوگۆی وەرگرت و لە شیعریش ئاوازی وەرگرت.

لێرەوە وتار دەبێتە دوو بەش، ئەوانیش(وتاری خودی وبابەتی)یە.

1 – وتاری خودی:

لەم جۆرەدا کەسایەتی نووسەر رەنگ دەداتەوە، لێدوانەکانی سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی رادەکێشێت و کاریگەرییان لەسەر درووست دەکات، ئەمەش بە هۆی ئەو شێوازەی نووسەرە کە پڕە لە هەڵچوون و سۆز و خەیاڵ و وێنەی هونەری جوان و تەرکیز لەسەر بابەتەکە و بوونی مۆسقای ناوەوە لە نووسینەکانیدا کە کاریگەری درووست دەکات.

نموونەش بۆ ئەم جۆرە وتارە، بریتییە لە وتارەکان نوسەری ئینگلیزی (لام) و (مازنی) لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا.

نوسەری وتاری خودی پەخشانی هونەری دەنوسێت بۆ گوزارشتکردن لە هەستکردنی بە ژیان و ئەزموونی تێیدا، ئەمەش لە بەرامبەر شیعری لیریکی دەوەستێتەوە، چونکە هەردووکیان خوێنەر دەبەنە ناخی نوسەر و شاعیرەوە و کاریگەری لەسەر دەروونیان دروست دەکات. جیاوازی لە نێوان وتاری خودی و شیعری لیریکی تەنها لە پلەی گەرمییانە، ئەگەر بەرز بۆیەوە و هاو ئاهەنگی هەبوو ئەوە شیعرە، بەڵام ئەگەر ئاستی هاتە خوارەوە ئەوە وتاری ئەدەبیە.

باشترین جۆری ئەم وتارەش، وتارەکانی (مۆنتین)ە، کە خۆی کردبووە تەوەری سەرەکی ئەو شتانەی کە بە دەوریدا دەخولانەوە، ژیان و ئارەزووەکانی وتێڕوانینی خۆی بۆ ژییان بە خوێنەرەکانی ئاشنا دەکرد لەڕێگەی وتارەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە وتاری خودی دوورە لە هەر زۆر لەخۆکردنێک بۆ نووسین و رێکخستنی کاری رستەکان و هەروەها دوورکەوتنەوە لە ئامۆژگاری بۆ خوێنەرانی خۆی.

**شێوەکانی وتاری خودی:**

1 – **وێنەی کەسی:**

**ئەم جۆرە گوزارشتە بریتییە لە شارەزاییە تایبەتەکانی نوسەر و ئەو کاردانەوانەی کە کە لەژیانندا روویداوە، لە باشترین حاڵەتەکانیدا بریتییە لە (قسەکردن لەسەر ژیانی تایبەتی خۆی، قسە و قسەلۆک، دانپێدانان و درکاندن. ئەمەش پێویستی بە زیرەکی و سورپرایز هەیە. هەر وەها لە پاڵ ئەمەدا نابێت خاڵی بێت لە گاڵتە پێکردنی خۆش و توند، ئەمەش بە پێی ئاراستەی نوسەر و رەنگدانەوەی کەسایەتی نووسەر دەبێت.**

2 – **وتاری رەخنەی کۆمەڵایەتی:**

**ئەم جۆرە وتارە لەسەر بنەمای رەخنەگرتن لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بونیاد نراوە، بە پێی قۆناغەکانی ژیان لەسەردەمە جیاوازەکاندا.کە تەنانەت خۆی لە رەخنەگرتنی جل و بەرگیشدا دەبینێتەوە. ئەم جۆرەش دەگەڕێتەوە بۆ نووسەرانی ئینگلیز(ئەدیسون و ستیل)، ئەم جۆرە وتارەش لە کۆمەڵگەدا دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئەو نوێگەرایيانەی کە لە جل وبەرگ و عادات و رەوشتەکان و هۆکارەکانی خۆشی دێتە ئاراوە. یان بە هۆی ئەو ململانێیەی کە لە نێوان نەوەی کۆن و تازەدا دێتە ئاراوە لە ماوەی گواستنەوەی کلتورەکاندا. کە زیاتر لە نێوان باوان و مناڵەکاندا روو دەدات، نوسەر لێرەدا ەم دیاردانە وەکوو وتارێک باس لێوەدەکات.**

**لەسەردەمی( ئەدیسون و ستیل) مۆدیلی جل بەرگ گرنگی زۆری هەبوو، بە شێوازی جل و بەرگدا دەیانزانی کام ئافرەتە خانەدانە یا سەر بە چ خێزانێکە لە ڕووی پلە و پایەوە. ئەم ململانێیە لە وڵاتانی عەرەبیدا بە تایبەتی (وڵاتی میسر) رەنگی دابۆیەوە، هەروەها لە عێرقدا بوونی هەبوو، ءێستا لە کوردستان ئەم ململانێیە زیندوو بۆتەوە.**

3 – **وتاری وەسفی:**

**ئەم جۆرە بریتییە لە سەرنجی وردی راستەقینە بۆ شتەکان، و ئەو سروشتەی کە لە دەوری هەست و سۆزی زیادە ناخولێتەوە.ئەم جۆرە وتارە هەستەکانی نووسەر دەگوازێتەوە کە ڕەنگدانەوەی خۆیەتی بە شێوەیەکی راستگۆیانە. هۆکاری یەکەمی ئەم جۆرە وتارە بریتییە لە وێناکردنی ژینگەیەکی شوێنی کە نووسەر تێیدا دەژیت، هەروەک چۆن سەیری مرۆڤێکی هەست قوڵ دەکات بە شێوازێکی زۆر توند.**

ئەم جۆرە سەیرکردنە و تێکەڵاو بوونە لەگەڵ سروشت و و گوزارشتکردن لە سروشتی مرۆڤایەی مرۆڤەکان هۆکاری جیاوازی ئەم وتارەن لە وتاری زانستی زانایان و لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر رووەک و گیانداران.ئەوەی ئەم جۆرە وتارە تێک دەدات گۆڕینی ئاراستەی نووسەرە بۆ فەلسەفە لێدان و خۆ بەگەورە زانین و شیکردنەوە و خستنە رووی هۆکارەکان.

4 – وەسفی گەشتەکان:

لێرەدا وێنەی ئەو شتانەمان پێ دەناسێنێت کە نووسەرەکە خۆی پێ کاریگەر بووە، کە جیهانێکی تازەیە و ئاشنا نییە، هەروەها ئەو کاریگەرییەی کە لەسەری دروست بووە دەگوازێتەوە بۆ خوێنەرەکانی خۆی. بەم پێیە ئەم جۆرە چالاکیەکی تامدارە کە رۆحێکی ناسک لە شوێنی نوێدا و لە نێوان خەڵکیدا دەناسێنێت کە پێشتر دیار نەبووە.

گەڕیدەی سەر پێی ناتوانێت وێنەیەکی زیندوو لەسەر گەشتەکەی پیشانی خوێنەرانی بدات، کە دەکرێت هاوسۆزبین لەگەڵی و تەجروبەکەی دوبارە بکەینەوە.بەڵام گەڕیدەی چالاک و دونیا دیتە سیفەتە دەروونی و عەقڵییەکانی دەخاتە گەڕ و لەسەر ئەو دیمەنانەی کە دەیبینێت، بۆیە زانیاری کۆدەکاتەوە تاوەکوو واتا راستەقینەکان تێبگات کە دەکەونە پشت ئاوێنەکانەوە.

کەواتە گەڕیدەیی جگە لە تەجروبەیەکی ئینسانی هیچی تر نییە، کە هەوڵی ئاشکراکردنی نهێنییەکان دەدات. کە ئەمەش پێویستی بە عەقڵێکی چالاک و زیرەک هەیە، چوونکە پێوستی بەوە هەیە راست و ناڕاست لەیەک جیا بکاتەوە. بۆ نمونە ئەگەر لەسەر جوگرافیا نووسی ئەوا دەبێت راستگۆیانە باسی بابەتەکە بکات تاوەکوو خوێنەر راستییەکانی بۆ دەرکەوێت.

5 – وتاری ژیان نامەیی:

ئەم جۆرە وێنەیەکی زیندووە بۆ مرۆڤێکی زیندوو. جیاوازە لە وەرگێڕان بە پێی پلە بەندی و هونەری.نوسەری وەرگێران تەنها زانیارییەکان کۆدەکاتەوە و رێکیان دەخات و بە شێوەیەکی زانستیانە دەیخاتە روو. ئەمەش لە پشت پەردەوە دەکات تاوەکوو کەسایەتیەکەیی ئاشکرا نەبێت. بەڵام نووسەری وتاری ژیان نامە وێنەیەکی ئینسانی تایبەتمان لەسەر کەسایەتیەکی ئینسانی بۆ دەخاتە روو، کە هەموو وێناکانیمان بۆ دەخاتە روو لە رووی ئەتەکێت و هەڵبژاردنی کەسایەتیەکان کە وا هەست دەکەیت زیندووە.

وتاری ژیان نامەیی، بە نیسبەت چیرۆک و کورتەچیرۆک جیاوازە، سەبارەت کە بە کورتە چیرۆک، نموونەیەک لە چینێکی دیاریکراو وەردەگرێت، بەڵام لە چیرۆکدا ژیان بە تەواوی دەخاتە روو. ئەویش بە هۆی هەڵبژادنی کەسایەتی و شوێن و وسف و ....

6 – وتاری تێرامانی:

ئەم جۆرەیان کێشەکانی ژیان دەخاتەروو. هەوڵدەدات لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات بە بێ ئەوەی بچێتە ناو بابەتی فەلسەفییەوە یا مەنتیقەوە. تێڕوانینی نووسەر بە تەنها بەسە بۆ شیکردنەوەی ئەم جۆرە بابەت و دیاردانەی کە لەدەوریدا بوونین هەیە.

2 – وتاری بابەتی:

لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوودا لێکۆڵەرانی زانستی پەنایان دەبردە بەر وتاری بابەتی بڵاوکردنەوەی تێروانین و بابەتەکانیان، لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوو وتاری ئەدەبی بەرەو لاوازی چوو، وتاری بابەتی شوێنی گرتەوە، کە کتێب و بابەتەکانیان لە گۆڤار و رۆژنامە تایبەتەکاندا بڵاو دەکردەوە، تا گەشتە ئەوەی هەموو لقەکانی زانستی مرۆڤایەتی و سروشتی گرتەوە.

زۆر جار نووسەران خۆیان لە وتاری خودی نزیک دەکەنەوە تاوەکوو بتوانن کەسایەتی خۆیان و کاریگەری تایبەتی خۆیان لەو بابەتەی کە دەینووسن بخەنە ڕوو بۆ خوێنەرانیان. بەڵام مەبەستی سەرەکی لەم نوسینە بڵاوکردنەوەی بابەتی زانستی و توێژنەوەی زانستییە بەشێوازێکی ڕیک و پێک و بەرنامە بۆ داڕێژراو. کە نووسەر خۆی ناخاتە ناو بابەتی مۆدێل و جلو بەرگ و تایبەتمەندییەکانی خوێنەرەوە و خوێنەر ناخاتە ناو ئەو ململانێیەوە و توشی ناڕوونی ناکات.

پلانی وتاری بابەتیش بەم جۆرەیە: دەبێت بابەتەکانی بەدوای یەکدابێن، هەر بابەتێک ئەنجامی بابەتەکانی پێش خۆی و دوای خۆی بێت، ئەم پلانەش خۆی لە سەرەتا و ناوەڕۆک و ئەنجام دەبینێتەوە.

سەرەتا؛ بریتیە لە ناساندنێکی کورت بۆ خوێنەر تاوەکوو ئامادەکاری بۆ بکات.

ناوەڕۆک؛ ناوەڕۆکی بابەتەکەیە، کە خاڵی بنەڕەتی و ئەو ڕێگایەیە کە نووسەر بۆ دەڕوات.جا فرە ئەنجامی هەبێت یان نا. ناوەڕۆک خۆی لە بەڵگە و کورتە چیرۆک و وەسف و هەڵێنجان دەبینێتەوە.کە بەرەوە کۆتایی دەڕوات.

ئەنجام؛ بریتییە لە ئەنجامی نووسینەکە.

**<u>جۆرەکانی وتاری بابەتی:</u>**

1 – وتاری رەخنەیی:

ئەم جۆرە وتارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زوو، جون دریدن١٦٦٨ وتارێکی لەسەر شیعری شانۆیی نووسی.هەندێک نووسەری تریش بابەتی رەخنەی و شیکارییان نوسی لەسەدەی هەژدەیی زاینی. ئەم جۆرە وتارە بە شێوازێکی گشتی لەم سەردەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی گۆڤارە ئەورپییەکان لە ئەوروپا و ئەمریکا و رۆژهەلات.

2 – وتاری فەلسەفی:

بابەتەکانی فەلسەفە لە رووی شیکردنەوە دەخاتەروو. ئەرکی نووسەر لێرەدا قورسە، چوونکە دەبێت بە دوای راستییەکندا بگەڕێت و بە شێوەیەکی مرۆڤانە لە بابەتەکە بڕوانێت، تاوەکوو وتارەکەی پێچەوانەی عەقڵی مرۆڤانەیی نەبێت. پێویستە بابەتەکەی بە روونی بنوسێت تاوەکوو خوێنەر توشی دودڵی نەبێت لە وتارەکەدا...

3 – وتاری مێژوویی:

کە پشت بە هەموو گێڕانەوەکان و راستییەکان و هەواڵەکان دەبەستێت.پاشان ئەم وتارە پوخت دەکرێتەوە و رێک دەخرێت و پێشکەش دەکرێت و تەفسیر دەکرێت. دەبێت نووسەر لە نوسینەکەیدا بەرەو ئاراستەی بابەتی تەواو هەنگاو بنێت، کە کەسایەتی خۆی تێدا رەنگبداتەوە. لەم وتارەدا دەبێت بەهای مرۆڤانەیی و لەگەڵ زیاد بکات و بیخاتە سەری، پاشان چیرۆکی تێدا زیاد بکات. زنجیرەی راستییەکان لەگەڵ خەیاڵی خۆی بە یەکەوە ببەستێ تاوەکوو رووداوەکان وەکوو زنجیرەیەکی بە یەکەوە بەستراو و بەردەوام دەربخات.

4 – وتاری زانستی:

نووسەر تیۆرێکی زانستی یا کێشەیەک لە کێشەکانی وەکوو بابەتێکی بابەتی دەخاتەروو، ئەمەش کاری زانایانی تایبەتمەندە. یان دەبێت بابەتێ پێشکەش بکات کە بە هەندێک بابەتی خودیەوە بلکێندرێت، ئەمەش تایبەتە بەو زانایانەی کە هەوڵ دەدەن زانست ئاسان بکەن و لە ناو هەموو خوێنەراندا بڵاوی بکەنەوە.

5 – وتاری زانستی کۆمەڵ ناسی:

ئەم جۆرە وتارە بابەتەکانی وەکوو سیاسی، ئابوری،و کۆمەڵایەی بە شێوەیەکی بابەتی دەخاتە روو، کە پشت بە ئامارەکان و بەراوردکاری و شیکردنەوە و هۆکارەکان وهەندێک جار پش بە پێشبینەیەکان دەبەستێت.

## جیاوازی لە نێوان وتاری خودی و بابەتی

لە وتاری خودیدا کەسایەی نوسەر رەنگ دەداتەوە کە سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی رادەکێشێت و بە ناواخنی نوسەرەکە کاریگەر دەبێت.ئەم جۆرە وتارە پڕە لە هەست و سۆز و هەڵچوون،هەروەها پشت دەبەستێت بە تەرکیزی بەرز لە وێنەی هونەری و سەنعەتی رەوانبێژ ی و گوزارشتی مۆسیقی و و وشە و دەڕبڕینی بەهێز.

لە وتاری بابەتیدا پێویستی بە چاودێری نووسەر و پاشان خوێنەر هەیە سەبارەت بە بەباتێکی دیاریکراو، کە نووسەر بەڵێن دەدات بە شێوازێک بنوسێت و بابەتەکەی رەنگ بداتەوە بەو جۆرەی کە دەیەوێت. ئەم شێوەیە پێویستی بە شێوازێکی روون و دیقەت و مەبەستی تایبەتی و ناونانی شتەکان هەیە بە ناوی خۆیەوە. لەم جۆرە وتارەدا نووسەر نایەوێت کەسایەتی خۆی و خەونەکانی و هەستەکانی زاڵبێت بەسەر بابەتەکەدا بەم جۆرەش ئازادی خۆی لە نووسین دەکاتە قوربانی ئەم جۆرە وتارە کە خۆی لە سەرەتا و پێشەکی و ناوەڕاست و ئەنجام دەبینێتەوە.

## ژیان نامە

ژیان نامە( biography) نوسراوێکە کە ژیان و کارەکانی کەسێک باس دەکات،ئەم جۆرە وتارانە دەکرێت دەربارەی ئەندامانی خێزانێک، سیسەتمەدارێک، هونەرمەندێک یا زانایەک یا هەر کەسێکی دیاریکراو بێت بنوسرێت.

ژیان نامە رەگەزێکە لە رەگەزە ئەدەبیەکانی پەخشان وەکوو چیرۆک و کورتە چیرۆک و رۆمان و شانۆ و وتاری ئەدەبی. ژیان نامە دەبێتە دوو جۆر ئەوانیش:

1 – ژیان نامەی بابەتی:

**واتە نوسینی ژیانی کەسێکی تر بە هۆی کەسایەتییەکەی و کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو کەسایەتییە. ئاشکراکردنی لایەنەکانی ژیانی و کەسایەتیەکەی کە بەشێکن لە ژیان نامەی بابەتی.**

**2 – ژیان نامەی خودی.**

**ئەو جۆرەیە کە کەسێک لەسەر لایەنەکانی ژیانی خۆی دەنوسێت دوای تێپەڕ بوونی کاتێکی زۆر بەسەر ژیانیدا ، کە تیشک دەخاتە سەر لایەنەکانی ژیانی تایبەتی خۆی بە تایبەت دوای ئەوەی کە بە تەواوی کەسایەتیەکەی دروست دەبێت و پێدەگات .**

**ئەم جۆرەش چەند پێوەرێکی هەیە، ئەوانەش بریتین لە:**

- **شێوەی قسە: ژیان نامەی خودی دەبێت لەسەر شێوەی چیرۆک بێت،دەبێت پەخشنی بێت نەک شێوەی شیعری بێت.**
- **بابەتی ژیان نامەی خودی: دەبێت لە چوار چێوەی ژیانی قسەکەر خۆی بێت یان مێژووی کەسێک بێت.**
- **بارودۆخی دانەر: دەبێت نوسەری ژیان نامەی خودی هاوتا بێت لەگەڵ گێڕەوەی ناو ژیان نامە،دەبێت ناوی ڕاستەقینەی خۆی بڵێت.**
- **بارودۆخی گێڕەوە: پێویستە گێڕەوە لە ژیان نامەی خودیدا هاوتا بێت لەگەڵ کەسایەتی سەرەکی، و ئامادە بێت بۆ چیرۆکەکە.**

**لە لایەکی ترەوە ژیان نامەی خودی دووتایبەتمەندی هەیە. ئەوانیش:**

- **ڕێکخستنی کاتی رابردوو لە سەرەتای لەدایک بوونەوە تا ئەوکاتەی کە نووسین دەکات.**
- **گێرانەکەوە دەبێت بە جێناوی(من) بێت، چوونکە خۆی خاوەنی گۆشە نیگای خۆیەتی لە نوسینەوەی ژیانی خۆیدا.**

**ژیان نامە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ رەگەزە ئەدەبییەکانی تردا هەیە وەکوو: چیرۆک و رۆمان، یادگاری،رۆژانە، دانپێدانان،و گەشت نامە ونامە..**

**سەبارەت بە پەیوەندی نێوان رۆمان و ژیان نامە زۆر لە یەکتری نزیکن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا جیاوازییان هەیە، لە رووی کەسایەتی و رووداو و شوێن و خەیاڵ و کات و گێڕەوە. چونکە کەسایەتی لە ژیان نامە یەک کەسە کە ئەویش نووسەر خۆیەتی ژیان خۆی دەگێڕێتەوە یا ژیانی کەسێکی تر دەگێڕێتەوە، لە لایەکی ترەوە رووداوەکان پەیوەستن بە کەسانیتر کە لە**

رابردوو روویان داوە یا رووودەدەن، بەڵام لە ژیان نامە رووداوەکان لە دەورەی نووسەر دەخولێنەوە و روویان داوە. کەسایەتییەکان لە رۆمان هەمجۆرن، بەڵام لە ژیان نامە یەک کەسایەتییە کە ئەویش نووسەرە.

رەگەزەکانی تریش بە هەمان شێوەیە لە گەڵ ژیان نامە جیاوازییان هەیە، گەشت نامە باسی گەشتی نووسەر دەکات کە بە شاران و وڵاتاندا گەڕاوە، چی دیتووە هەمووی باس دەکات بە بێ ئەوەی گۆڕانکاری بکات لە ڕووی شێوازی نووسینەوە.

نامە و نامەنوسینیش هەمان شتە، لە نێوام دوو کەسدایە، باسی ئەحواڵ پرسین یان بابەتی نهێنی دەکات لە نێوان دوو کەسدا، کە شێوازی خۆی هەیە، بەڵام لە ژیان نامە کەسایەی یەک کەسە کە ئەویش نووسەرە.

## پەرەسەندنی ژیان نامە لە ئەدەبیاتی رۆژ ئاواییدا:

یۆنانییەکان یەکەم کەس بوونە ژیان نامەیان ناساندووە ، ئەمەش لە کتێبە فەلسەفییەکاندا باس کراوە کە باسی خود کراوە. کە لای (جالینوس) بوونی هەبووە. یۆنانیەکان زیاتر باسی ژیان نامەی بابەتییان کردووە وەک لە ژیان نامەی خودی کە زیاتی پەیوست بووە بە ژیانی تاکەکەسەوە.

لە سەدەکانی ناوەڕاست ددان پێدانەکانی قەشە(ئۆگستین) دەبینین کە راستی و دروستی زۆری پێوە دیاربووە.هەروەها تواناو داماڵینی خودی پێوە دیار بووە، کە بە لوتکەی ددان پێدانی ئایینی داندراوە. سەدەکانی ناوەڕاست چوار بابەتی گرنگی ژیان نامەی خودییان بۆ جێهێشتووین کە ئەوانیش بەرهەمەکانی(ئەبیلارد،وولشمان، جیرادوس کامبرونیس،پترارک، ئیمپراتور تشارلزی چوارەم) بوون. هەندێک لەم بابەتانە بریتیبوون لە وێنەی ئاساری کۆن. ئەم بەڵگەنامانەش لەگەڵ شێوازی نووسینی ژیان نامەی خودی ئەم سەردەمە نزیکە دەبێتەوە، بە تایبەتی ددان پێدانەکانی قەشە ئوگستین.

لەسەردەمی رۆشنگەری ئەورووپیدا زیاتر لە ژیان نامەیەکی خودی لەلایەنی (سیلینی سانت و کاردانو وتریزا) هی تریش بوونی هەیە.

سەدەی حەڤدەهەمی زایینی بە سەدەی یادگاری ناو دەبردرێت، کە نووسەرەکانی ژیيان نامەی تایبەتی خۆیان تۆمار دەکرد. لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا رێبازی رۆمانسیزم هاتە ئاراوە کە هۆکارێک بوو بۆ بەهێزبوونی خوود و زیادبوونی ژییان

نامەی خودی، کە رەخنەگرەکان ئەو سەردەمە بە سەردەمی ژیان نامەی خودی دادەنێن، بەناوبانگترین ددان پێدانەکانی (جان جاک رۆسۆ) بوو ١٧١٢–١٧٧٨م. دواتر لە سەدەی نۆزدەدا ددان پێدان نان و ژییان نامەی خودی زۆرتر بوون، لەوانەش ددان پێدانانەکانی (تولستۆی) کە باسی لە هەژاری و زوڵم و نادادی دەکرد، کە ئەمەش بەشێک بوو لە تاقیکردنەوەی مرۆڤایەتی.

## ژییان نامە لە ئەدەبی عەرەبید:

ژییان نامە بەشێکی گرنگی ئەدەبیاتی عەرەبییە، لە کۆنەوە بوونی هەبووە، یەکەم ژییان نامە دەگەڕێتەوە بۆ (حنین بن اسحاق– ٢٦٠هـ). کە بە جالینوس ی یۆنانی کاریگرە بووە کە باسی لەو نەهامەتیانە کردوو کە لەلایەن کەس و کارییەوە بەسەری هاتووە.(ئیمامی غەزالی ٥٠٥هـ)لە کتێبی( المنقذ من الضلال) باس لەگەشتەکانی دەکات کە چی بەسەر هاتووە بە چی گەشتووە.چەندەها نووسەری تر هەبوونە، بەڵام لەسەدەی نۆزدەدا نووسەرانی وەک ( عیاد الطنطاوی، علی مبارک،...) ژییان نامەیان نووسیوە بە کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپی. لە سەدەی بیستەمدا ژییان نامە لە ئەدەبی عەرەبیدا هاوشانی رۆمان بوو کە پێیان دەووت(رۆمانی ژیان نامەیی) وەکوو رۆمانی (زەینەب) محمد حوسێن هەیکەل و (سارە)ی محمود العقاد و رۆمانەکانی ابراهیم الکاتب و ابراهیم الثانی و میخایل نعیمە و...

## ژییان نامە لە ئەدەبی کوردیدا:

لە ئەدەبیاتی کوردیدا بابەتی ژییان نامە لە رووی مێژووییەوە زۆر کۆن نییە، بە هۆکاری ئوەی ئەدەبیاتی کوردی هەر بە شیعر بووە، زۆر کەم چوونە بە لای ئەم هونەوەروە، یاخوود دەکرێت بە هۆکاری سیاسی یا کۆمەڵایەتی نەیان توانیوە بینووسن، چوونکە ژییان نامە لەسەر دوو کۆڵەکە دەوەستێت ، ئەوانیش (( تۆمارکردن و گوێبیست بون و کۆکردنەوەی بەڵگەنامە، دووەمیان وەسفکردن و داڕشتنێکی ئەدیبانەیە)). هەروەها لەم جۆرە نووسینەدا نابێت نووسەر رەوانبێژییان بنووسێت، دەبێت بە شێوازی رۆژنامەیی بنووسێت و تێگەشتنی ئاسان بێت، ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە لەوانەیە نەگوونجابێت یا بیرییان لێ نەکردبوەوە. لەو ژییان نامە کۆنانەی کە هەبووە لەوانە ( گەشتی رۆژانی دەربەدەری) مەلا عەبدوڵای زێوەرە. باسی سەردەمی شێخ مەحموود دەکات، کە خۆشی لایەنگری شێخ مەحموود بووە و مامۆستاش بووە لەو کاتەدا، هەستێکی نیشتمانی زۆری هەبووە، باسی رووداوەکانی ساڵانی بیستەکان دەکات لەگەڵ هەڵوێستی عەشیرەتەکانی ئەو ناوچانە لەکاتی دەربەدەری هاوەڵەکانی شیخ مەحموود و لادێکان لەو سەردەمەدا.هەروەها باسی ئاستی رۆشنبیری کوردی رۆژهەڵات دەکات کە ئاستی

رۆشنبیرییان لەو سەردەمە زۆر خراپە.باسی ئاغاو دەرەبەگەکان و زوڵمییان دەکات. جگە لەمە کتێبی( گەشتی فەقێیەتی) مەلا مەحەمەدی مەلا عبدالرحیمی چروستانی (١٨٩٥– ١٩٦٣) ئەگەر چی تەواوی نەکردووە بەڵام نرخی ئەدەبی خۆی هەیە. چەندین کتێبی تر لەوبارەوە دواتر نووسران ئەوانیش ( گەشتی ژیانم. مەسعود مەحەمەد)،( ئاوێنەی ژیانم. شاکر فەتاح)،(گەشتێک لە کوردستان. عەلائەدین سەجادی١٩٥٦).(گەشتێک لە ئەوروپادا. مەحمود فەهمی هەمەوەند ١٩٥٧)....

**نامە و نامیلکە:**

نامە ئەو ئاخاوتنەیە کە دەنگت ناگاتە کەسێک کە رووبەڕوو قسەکەتی پێ بڵێی، بۆیە بە نووسین یا راسپاردەیەکی تر پەیامەکەتی پێ دەڵێی، ئەم جۆرە نامەیەش دوو جۆرە:

1 – نامەی گشتی: کە بریتییە لە نامەی کاربەدەستانی دەوڵەت یا نامەی گشتی ئیش و کار.

2 – نامەی تایبەتی: نووسەر بۆ گەیاندنی مەبەستی تایبەتی خۆی بە یەکێک لە کەسە نزیکەکانی خۆی دەینێرێت بۆ ئەو کەسەی کە مەبەستیەتی.

ئەم دوو جۆرە نامەیش لە ڕووی پەخشانەوە تەماشای جۆری نوسین و وردەکاری و رەوانی دەکرێت، چوونکە لە رووی زمانەوانیە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. نامە نووسین شێواز و ئەتەکێتی تایبەتی خۆی هەیە جا نامەی قوتابی بێت یا مامۆستا یا فەرمانبەر یا هەر کەسێکی تربێت. بەڵام مەرج نییە نامەیەک مەرجی ئەدەبی نەبێت و بە نامە ئەژمار نەکرێت، بەڵکوو نامەیە بەڵام لە رووی دارشتنی ئەدەبییە کێشەی هەیە و رەوان نییە،گەیاندنی پەیام و هەست و سۆز لە نامەدا گرنگە کە وابکات نامە وەرگر بەبایەخەوە لێی بڕوانێت.

نامە دەبێت بەم شێوازەی خوارەوە بنووسرێت:

1 – سەرنامە: ناوی نامە نووس و ناونیشانی و جێ و رۆژی نووسین لەلای راستی سەرەوەی نامەکەوە دەنووسین، کە پێشتر دەنووسرا( لە تەرەفی.... بۆ جانی...).

2 – چاک و چۆنی: بە بەڕێزەوە ڕوو لە نامە وەرگر دەکەین و بە برای خۆشەویست یاخوشک یا مامۆستای بەڕێز و دڵسۆز... ناوی دەبەین. پێشتر دەنووسرا ( عالی جەناب، نووری چاوم، سەعادەت مەئاب..) پێویست ناکات ناونیشانی نامە وەرگر بنووسرێت، دواتر سڵاو دەنوسرێت...

3 – برِگەکانی نامەکە دەبێت لە چەند پەرەگرافێک پێک بێت، کە هەر برِگەیەک بۆ بابەتێک و باسێک تەرخان بکرێت، کە تەواو بوو لەسەر دێرِێکی تازە باسی بابەتێکی تازە دەکەین، باشترە برِگەکان تێکەڵ نەکرێن.

4 – داخستنی کۆتایی نامە دەبێت بە قسەی ناسک و خوا حافیزی یا دوعا بێت. یان بنوسرێت خواتان لەگەڵ.

لە کۆتاییدا ناوی خۆت و ئیمزا یا مۆری تایبەتی لێ دەدرێت.

لە کوردیدا وشەی نامە دوو واتا دەگەیەنێت، یەکەمیان کاغەزێک کە یەکێک بۆ کەسێکی تری دەنێرێت و مەبەستی خۆی تێد دەنووسێت، دووەمیان بە واتای کتێب دێت، کە لە کۆنەوە بووە بە پاشکۆی ناوی کتێبان وەکوو(ئایین نامە،شانامە، مەولود نامە، عەقیدا نامە..) نامە خانەش بە واتای(مكتبة) هاتووە.

وشەی نامە لە جیاتی(رسالة) ی عەرەبی بەکاردێت کە ئەویش ئەو نوسراوانە دەگرێتەوە کە لە نامە نووستن و ناردندا بە کاردێت.لەسەردەمی عەباسیەکانیشدا بەرامبەر بە وتاری ئەمرِۆ دوەستێتەوە.کە (ئیبن موقەفەع وجاحظ و ئەبو حەیان و نوسەرانی تر بەکاریان هێناوە، کە بریتی بووە لە بابەتێک لە بابەتەکانی ئەدەب، زانیاری ئەوەندە درێژی تێدا نییە کە ناوی کتێبی لێبنێین، دواتر ئەم هونەرە بووە بابەتێکی باوی ناو ئەدەبیاتی عەرەبی و چەند نامەیەک لە کتێبێکدا کۆ بکەنەوە و ناوی ناملیکەی لێبنێن کە بچوکراوەی نامەیە.

بچووکی قەبارە و کەمی لاپەرِە و دابەش نەکردنی با بەسەر تەوەرەکاندا لە ناو ناملیکەدا رۆڵ دەگێرِێت، لەم بارەوە ناملیکەی (عەقیدەنامەی  مەولانا خالیدی نەقشەبەندی) نمونەی ئەم جۆرە هونەرەیە.

**نامەی ئەدەبی:**

نامەی ئەدەبی لە سنوورێکی بەرتەسکدایە کە لەنێوان نامە نووس و نامە وەرگردایە، زۆر جار راز و نهێنی نێوان هەردوو تەرەفی تێدایە کە دەربارەی ژیان تایبەتی هەردوو لا یا سەبارەت بە ژیانی ماڵەوە و باسی نهێنی خۆشەویستی و ژیانی رۆژانە و تێروانینی تایبەت بە کۆمەڵ و باوەرِ و ... تێدایە. ئەم جۆرە نامە نوسینە هۆکارێکە بۆ ناسینی کەسایەتی نووسەر،بۆیە نامەی نووسەران کۆ دەکرێتەوە و دەکرێتە کتێب و بڵاو دەکرێتەوە، نرخێکی ئەدەبی زۆری هەیە.

نامەی ئەدەبی وەکوو هەر نامەیەکی تر چۆنیەتی و شێوەکەی دەکەوێتە سەر زەوق و بۆچونی نوسەرەکە، ئایا کورت دەنووسێ یا درێژ؟باسی چیدەکات؟ نهێنی ئاشکرا دەکات یا نا؟ یا بە گاڵتەوە نامە دەنووسێت یا ڕەشبینانە دەنووسێت، چوونکە نامەی ئەدەبی لە نێوان دوو کەسە و کتێب نییە تاوەکوو بە شێووازێک بنووسێت کە بچێتە چوار چێوەی کتێبەوە، بەڵکوو نهێنییە لە نێوان دوو کەسدایە و تایبەتییە. نووسەران هەرگیز لە فیکری ئەوەدا نەبوونە نامەکانییان بکەوێتە بەردەستی خەڵکی و ببێتە بابەتێکی ئەدەبی و نهێنییەکانیان ئاشکرا بێت.

**نامەی گشتی:**

ئەو نامەیەیە کە گشتیە و خودی نییە، بەڵکوو بابەتییە و هەوڵ دەدرێت کورت و چڕ بێت بە وشەی ڕەوان گوزارشت لە مەبەستەکە بکرێت. ئەم جۆرە نامەیە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا پێی دەگوترا( السلطانی و الدیوانی). لە ناو کوردا دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دامەزراندنی حکومەتی شێخ مەحمود دەبیندرێت، دواتر دوای دامەزراندی دەوڵەتی عێرا ئەم جۆرە نامانە نوسراوە، ئێستاش ئەم جۆە نامانە بە شێوەی ئەلیکترۆنی دەنوسرێت.

نموونەێ ئەم جۆرە نامەیە کە بۆ شێخ مەحمود نوسراوە، بە شێوازی نوسینی ئەوکات بووە، دەقی نامەکە بەم جۆرەیە:

حاکم کوردستان

السید محمود

پوست نشینی دەرگاهی قادری جناب شیخ عصام الدین دام فیضه العالی:

نمره ۱۷۷.

لە سایەی  لطف و مرحەمەت خداو یار حەضرەت رسول انم و بە یاری انبیاء و اولیای عظام لە تحت حیمایت دولت فخیمەی بریتانیادا حکومەت جدیده جلیلەی کردستان تشکیلی کردوه، معلوم عالمه مقصد اصلی و خلاصەی فیکری ام حکومت حاضرەیە نشر علوم و فنون و ترویج احکام شریعت و طریقت و خدمت و محافظت دین و ئایین ئیسلامیه. لە نظر ایمەدا خدمت و رشادت جناب ایوه چونکه معلوم نمایانه بو صرف ادارەی خوتان و لوازمات تکیه عبدالان بۆ مەعیشەت فقرای سالکان و مسافران لە اعتبار ۱/جمادی اول ۳۳۷ وە مانگی صد روپیه بۆ خۆتان و جناب مدرس عبدالانیش مانگی پەنجا روپیەمان انعام وتخصیص کرد.اومیدم وایه کە انشاء الله لە سابق زیاتر خدمت ارشادات دینیه ایفاو انتشار بکن. والسلام علی من اتبع الهدی.

**٨ی جمادی الاول ٣٣٧**

**حوكمدار كردستان محمود**

**ئەم نامەیە نموونەیەكی نامەی میریی ئەو سەردەمەیە و شێوازەكەی وێنەی شێوازی ڕەوان بێژی بە میرات ماوەی عوسمانییە كە بۆ بەهێزكردنی كاریگەری و پتەوكردنی داڕشتنی زمان وشەو زاراوەی قەبەی عەرەبی و رستەی دوو ڕەگ بەكار دەهات. كە پڕە لە وشەی ڕێز و نازناو كە بۆ بانگكردنی ڕێزدار و قەدرزانی گەورە كە شایانی نامە وەرگرە بەكار هاتووە.**

**نامەیەكی تر هەیە بە ناوی ( نامەیەک لە ئەستەمبۆڵەوە) لە رۆژنامەی(بانگی كوردستان) لە ژمارە ٤ی ١٩٢٨/٨/٢٨دا بە فارسی و كوردی بڵاو كراوەتەوە، هەردوو نامەكە لە لایەن (محمد ئەمین زەكی) مێژونووسی بەناوبانگ نوسراوەتەوە، یەكەمیان لە سالێ ١١ی تەمموزی ١٩٢٢ بۆ گۆڤاری پێشكەوتن نێردراو، نامە فارسییەكە بۆ مستەفا پاشای سەرنووسەری گۆڤارەكە نێردراوە كە (سەردار موكەرەم) نووسیویەتی. نامەكە بە شێوەیەكی پەخشانی ئەدەبی و زمانی ئەوكات نووسراوە، بابەتە سیاسی و مرۆڤ دۆستانەیە، باسی ڕووداوەكانی كەوتنی دەوڵەتی عوسمانی دەكات، هروەها باسی ئەو سەربازە عێراقیانە دەكات كە لەوێ گیریان خواردوەو كەس ئاوڕیا لێناداتەوە، نامەكەش لەلایەن چەند كەسێكەوە نوسراوە.سەرەتاكەی بەم شێوەیە دەس پێدەكات، كە نوسینەكە بە ڕێنووسی نوێ دووبارە نوسراوەتەوە.**

**(( ئەمانەوێ بە واسیتەی ئێوەوە مەسئەلەیەكی زۆر گەورە عەرزی هەم شەهرییەكانی خۆمان بكەین، زۆر ئومێدمان هەبوو كە ئەم ئیشە لە پێش موراجەعاتی ئێمەدا لە تەرەف (پێشكەوتن) بەیان و تەعقیب بكرێت.فەقەت ئەسەف تا ئێستا لەم خسوسەوە هیچ شتێكمان نەدی و بە تەبیعەت موتەئسیر بوین و موراجەعەتمان نەتیجەی ئەم تەئسوراتەیە). دواتر دەڵێت:( لە ئەستانبۆل غەریب و بێ كەس و موحتاج و پەرێشان ماونەتەوە).(لێرە نەكەس ڕەحم بە كەس حاڵیان دەكا و نە ئێوە لەوێ فیكری ئەمانە دەكەنەوە).. گلەیی لە كاربەدەستانی سلێمانی دەكات چوونكە ئەفسەرەكان زۆربەیان خەڵكی سلێمانی بوونە، ویستویەتی ڕای گشتی خەڵك بجوڵێنێ و بتواندرێت بگەڕێنەوە سلێمانی.**

**نامەیەكی تری ئەدەبی هەیە كە (گۆران) ی شاعیر بۆ (پیرەمێرد)ی نووسیوە لە ساڵی ١٩٣٢ز.، نامەكە بە زمانێكی ئەدەبی بەرز،پڕ لە وشەی ئەدەبی جوان، كە باسی لەدایک بوونی بەرهەمێكی شیعری نوێ دەكات، لە پاڵ ئەوەشەوە باسی ئەدەبیات و نوێبونەوە دەكات لەگەڵ پیرەمێردا.. (لەم ڕۆژانەدا لەدەنی خۆر كەوتنا، لەناو مەنزەرەیەكی جوانی بەهار ئاخر**

بێچومان هاتە دونیا بە خوێن، بە کاڵا، بە باڵا لە بەچکەی کورد و لە ڕۆڵەی پەری ئەچوو، لە خۆشیانا وەختە بوو گەشکە بکەم). کە سەیر دەکات هەڵبەستەکە تازەیە و رەخنەگران و دۆستان زیاتر حەزییان بە شیعری کۆن هەیە، ئەم شیعرەی بە پێی سیستەمی کۆن دانەندراوە پەسەندی ناژەن و بە نامۆی دەزانن، دەپرسێت(تۆبڵێی ئەم بەچە زادەی دڵداریەکی پاکی ئاگرین نەبێت؟ بەڵکوو شەیتانێکی فاحیشە بە عیشقێکی حەرام، بە عیشقێکی سەفیلی مولەوەت ئیغوای کردبم؟). بە شێووازێکی ئەدەبی بە خەیاڵێکی هونەرانە و شاعیرانە نامەکەی دەنووسێت و دڵنیا دەبێتەوە کە شیعرەی زۆڵ نییە و دەڵێت:(نازانم کەممم پشکنی؟ زۆرم پشکنی؟ ئەوەندە ئەزانم ل پڕ بەرامبەر بە مەنزەرەیەکی علوی حەپەسام. لە جێی خۆم هەروەک مێخ داچەقیم.لەسەر یاڵێکی بەرزی سەوز، پڕ گوڵاڵە داوێن دارستان لە ژێر سێبەری ڕەنگا وڕەنگی چەند پەڵە هەورێکی تەنک تەنکا دەروێشێکی نوورانی بەرامبەر بە رۆژ وەستابوو.... ) ئەم نامەیە ئەدەبییە، تەنها هەندێکمان لێی وەرگرتووە. نامەی ئەدەبی و کەسی تریش لەم سەردەمەدا هەیە، نووسەران بە شێوەی پەخشان بۆ یەکتریان نووسیوە.

**نامیلکە:**

نامیلکە بەرامبەر بە (الرسالە)ی عەرەبی دەوەستێت. رسالەش برتییە لە بابەتێکێ ئەدەبی یان ئایینی یان زانستی، ئەوەندە درێژ و پەل و پۆی نییە ببێتە کتێبێک بۆیە ناویان لێ نەناوە کتێب.تا وا لێهات چەند ریسالەیەکیان لە چوارچێوەی کێبێکدا کۆکردەوە و دەبووە دانراو یان (مصنف)ێکی تەواو و سەربەخۆ، کە لە زمانی عەرەبیدا نامیلکەکانی (اخوان الصفا) و (رسالە الغفران)ی ئەبوعەلای مەعری بەناو بانگن.

لە ناو کورددا لە سەرەتای سەدەی نۆزدە بەو لاوە کۆمەڵێک نانێلکە نووسراوە، کە دیارترینیان (عەقیدەی کوردی)ی مەولانا خالید،مەولودنامەی شێخ حسێن و مەلا عەبدوڵای جەلی زادە، ریسالەی دینیەی زێوەر–١٩٢٠،محاسەبەی نیابەتی محمد ئەمین زەکی بەگ ١٩٢٨،هەموو کچێک چی بزانێ ١٩٣٣، سیپارەی حەق پەرستی بەشیر موشیر١٩٣٢، دەستوری خوو بۆ کوڕ و کچ(حوسێن حوزنی ١٩٣٥)، سیپارەی خو رەوشت(عبدوالقادر قەرە حەسەنی حەساری)١٩٣٨، پیرۆزی منداڵ– ع.و.نوری ١٩٤٠، هەرەوەزی(بەکر دلێر) ١٩٥٣....

جگە لە نامیلکە وشەیەکی تر بەکار هاتووە کە نەبۆیە باو و شووێنی نامیلکەی نەگرتەوە، کە زیار ئەم وشەیە تایبەت بووە بە خوێندنی ئایینی فەقێەتی و سوختەخانە و مزگەوتەکان. لە

**فەرهەنگی خاڵ(سیپارە) واتە سی جزمەی قورئان، چوونکە قورئان جزم جزمە، واتە سی پارچە و سی بەش. دواتر زاراوەکە گۆڕاوەو بووە بە نامێلکە لە ئەدەبی کوردیدا.**

**وەکوو نموونە بۆ نامێلکە (عەقیدەی کوردی) مەولانا خلیدی شارەزوری نەقشەبەندی وەردەگرین، چوونکە دەکرێت کۆنترین دەقی پەخشانی کوردی شێوەزاری کورمانجی خواروو بێت.**

**ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە دیاریکردنی واتای باوەڕی ئیسلام و باسکردنی بنەماکانی ئاینی ئیسلام کە پێنجن(شەهادە، نوێژ، زەکات،رۆژوو،حەج). پاشان باسی بنەماکانی باوەڕ دەکات کە بریین لە باوەڕ بە خواو و پێغەنبەران و رۆژی دوایی و کێبە ئاسمانییەکان و فریشتەکان و قەزاو قەدەر و بەهەشت و ئاگر... ئەم نامیلکەیە لەسەردەمی میرنیشینی باباندا نووسراوە.**

**شێوازی دەقی پەخشانەکە:**

**ئەم پەخشانە پێچەوانەی دەقی ئایینی رستەی هاوسەنگ و قافیەداری تێدا نییە و بە شێوەیەکی سادە و دوور لە خۆکردن و وشە ریز کردن و پاشبەند و جووت سەروایی پێوە دیار نییە، زمانێکی سادەیە کە زۆربەی خەڵکی بە ئاسانی لێێ تێدەگەن،وشەکانی رەوانن. وەک ئەم نمونەیە:**

**(( پردی قیامەت کە پردێکە لە موو باریکترە،لە تیغ تیژترە. بە ئەمری خودای تەعالا دەینێتە سەرپشتی جەهەننەمێ، ئەمر دەکەنە هەمووان بەسەریدا رابورن.هەرکەسێک بەهەشتی بێ هێندێک وەک بروسکە، هێندێک وەک با، هێندێک وەک ئەسپی لەنگ بەسەریدا رادەبورن.هەرکەسێ جەهەنەمی بێ پێی هەڵدەخلیسکێ دەکەوێتە جەهەنەمەوە..)).**

**ئەم نامیلکەیە لەلایەنی (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)ەوە ساغ کراوەتەوە و خاڵبەندی بۆ داندراوە، وەک ئەم نموونەیە لە نامیلکەکەدا دیارە.(( ئەو موحەممەدە ئادەمییە عەرەبییە قوڕەیشیە هاشمییە زەریفە. برۆ ڕاکشاوە چاو ڕەشە ناوچەوان پانە رەنگی لە مابەینی سوور و سپی دانە.نە زۆر نەوی یە نە زۆر بڵندە لە هەموو ئەولادی ئادەم زەریفترە..)). ئەو خاڵبەندییەی کە داندراوە پێشتر نەیبووە، ئەم نامیلکەیە ناوەڕۆکێکی ئایینی هەیە.**

**نامیلکەی ئایینی دیکەش هەیە کە لەسەردەمی ئێستادا نووسراوە،وەکوو ئەو نامیلکانەی باسی تەجوید و سونەت و دەست نوێژ و ... کە زۆربەی ئایینییە.هەندێکیان سیاسی و ئامۆژگارین.**

**مەولود نامە:**

**بەناوبانگترین دەقی پەخشانی کوردی بریتییە لە مولوود نامە. کە لە ڕۆژی لە دایک بوونی پێغەمبەری ئیسلام(موحەمەد) سەلامی خوای لەسەر بێت دەخوێندرێتەوە. باس لە لەدایک بوون و وەسفی پێغەمبەر دەکات، هەروەها کەسایەتیەکەی لەو ڕۆژەدا باس دەکرێت. کە هەموو ئەمانە لەو ڕۆژەدا پێشکەش دەکرێت.**

**مەولود وشەیەکی عەرەبییە کە بە واتای (لەدایکبون )دێت.جا لەدایک بوونەکە مرۆڤێکی ئاسایی بێت یان تایبەت.**

**سەبارەت بە وشەی مەولود دەتواندرێت لە چەند بوارێکدا بەکاربهێندرێت، لەوانەش:**

**١- لەدایک بوونی مرۆڤ باوترین بەکارهێنانە و ئاماژەیە بە منداڵی تازە لەدایک بوو .**

**٢- لەدایکبوونی بایۆلۆجی: دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ ئاماژەکردن بە لەدایکبوونی هەر زیندەوەرێکی زیندوو، وەک لەدایکبوونی ئاژەڵ یان ڕووەک..**

**٣- لەدایک بوونی ڕۆشنبیر: دەتوانرێت وەک خوازە بەکار بهێنرێت بۆ ئاماژەکردن بە بیرۆکەیەکی نوێ، داهێنانێکی نوێ کە پەرەی پێدراوە، یان "لەدایک بوون" لە ئەنجامی بلیمەتی مرۆڤ.**

**٤- لەدایکبوونی ئەدەبی: دەتوانرێت بۆ ئاماژەکردن بە کارێکی ئەدەبی نوێ بەکار بهێنرێت وەک کتێب، شیعر یان کورتە چیرۆک.**

**٥- لەدایکبوونی پیشەسازی: ئاماژە بە بەرهەمێکی نوێ دەکات لە پیشەسازیدا، وەک بەرهەمێک یان تەکنەلۆژیای نوێ.**

**ئێمە مەبەستمان لە(مەولود) لەدایک بوونی پێغەمبەرە سەلامی خوای لەسەر بێت. کە دوو نامێلکەی زۆر بەناو بانگ هەن لە شێوەی پەخشان نووسراونەتەوە، چوونکە مەولودمان هەیە بە شێووازی شیعر نوسراوەتەوە کە نمونەی زۆری هەیە. ئەو دوو مەولودنامەیەش هی ( شێخ حوسێنی قازی ١٧٩٠- ١٨٦٨. و دووەمیان هی حاجی مەلا عەبدوڵای جەلیزادەیە ١٨٣٨- ١٩٠٦. نوسیویەتی. هەردووکیان چاپ کراون و بڵاو کراونەتەوە.**

**هەردوو مەولود نامەکەی(حوسێنی قازی و جەلیزادە) لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراون کە لە بنەڕەتدا هی(ئیبن حەجەری هەیتەمی)یە بە ناوی ( النعمةالکبری علی العالم فی مولود سید**

ولد ادم)، بەڵام وەرگێڕانەکەی هەردووکیان وشە بە وشە نییە، پڕە لە وشەی کوردی و نموونەی پەخشانی کوردین.

پەخشانەکە بە شێوەی پاش سەروا و جووت سەروا نوسراوە، کە ئاوازێکی مۆسیقی خۆشی پێ بەخشیوە، سەرەتای مەولودەکە بە خوتبەیەکی ئاینی دەکات.بەم شێوەیە دەست پێدەکات:( ئەی موسڵمانینە رەحمەتتان لێبێ، گوێ بگرنە بەحسی ویلادەتی گوڵی گوڵستانی نبوەت،سەرووی بوستانی فوتووەت.سوڵتانی تەختی جەلادەت.ئافتابی فەلەکی ریسالەت.سەردەفتەری ئەنبیا، تاجی سەری ئەولیا،حەزرەتی موحەمەد المصطفی.بەدڵ و زوبان تۆبە و ئیستغفار بکەن، سەڵەواتان لە پێغەمبەربدەن. مونتظیری رەحمەت و بەرەکەت بن لە زمەت جەنابی باری،لەورا لەکن صاڵحان رەحمەت دەبارییی. خصوصەن ئەمە بەیانی وجودی ذی وجودی مەسعودی حەضرەتی رەسول اللەیە،خۆشەویستی خودایە.دنیاو قیامەتی لەبەر وی رونایە،شەفیعی رۆژی جەزایە).

لە نمونەیەکی تردا باسی ئەوە دەکات لە مانگی یەکەم سک پڕی ئامینەی دایکی پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت تا مانگی نۆیەم هەرجارەو پێغەمبەرێک دێتە لای و مزگێنی هاتنە دونیای پێغەمبەری دەداتێ. ( ئەوجا حەضرەتی ئامینە خاتوون فەرموویەتی کە حامیلە بووم بەسەیدی سەروەر، ئەوەل مانگی رەجەب بوو لە خەودا پیاوێک هاتە بە شەوکەت و رەنگ ئەسمەر. فەرمووی(مرحبا بک یا محمد) ئامینە گوتی: ئەتوو کێی؟ فەرموی ئەمنم ئادەمێ ئەبولبەشەر. گوتی کارت چییە؟ فەرمووی موژدە بێ کە حامیلەبووی بە سەییدی بەشەر، شەفیعی مەحشەر)...

سەبارەت بە مولوود نامەکەی شێ حوسێنی قازی یەکەم پەخشای کوردیە، چوونکە:

١-بە پەخشان نووسراوە. ٢- نموونەیەکە بۆسەجەعی کوردی.٣- بە شێوازێکی سادە حیکایەتەکە دەگێڕێتەوە.٤- زمانی کوردیەکەی تێکەڵە لە شێوەی زمانی نوسینی کلاسیکی.

نموونەیەک لە پەخشانەکە(ئەمما جوبرەئیل بە ئیزنی رب العالمین گەڕا بە ئاسماندا،سیدرەی مونتەهاداو بە (جنةالمآوی)دا بەشارەتی بە مەلائیکەتان و حورییان دەدا، بانگی دەکرد و دەیفەرموو: موژدە بێ بە نەزدیک بوونی ظهوری کەسێ کە رۆژی رووی ئەو شەوی کوفر رۆشن دەکات.جەمال و صاحێب کەمالی ئەو رووی زەمین گوڵشەن دەکات.چراغی صاحێب نوورە، باعیثی فەرەح و سرورە، تاجی کەرامەتی لەسەرە. شافیعی رۆژی مەحشەرە، صاحیبی

موعجیزه و کیتابه.ئەمر دەکات بە چاکە و نەهی دەکات لە خراپە. لەڕێی خوا غەزا دەکات.دینی حەق ئیحیا دەکات. سید المرسلینه،رحمة للعالمینه.ناوی ئەو موحەمەد و ئەحمەد و طاها و یاسینه.....).

لە هەمان دەقدا دەڵێت:( شیتان لەعنەتی خوای لێبێ هاڕانی،دای بەسەری خۆیداو رووی کردە کێوی ئەبو قوبەیس.شەیاطینی لە هەر چوار روکنی دونیاوە لێ کۆبونەوە. وتیان ئەی باکی ئێمە، ئەی سەرداری ئێمە چیت لێقەوماو؟). لە نموونەیەکی تردا کە (جەلی زادە) بە کوردییەکی پەتی و پەخشانێکی سەجەعدار دەڵێت: (ئیبلیسی پیسی خەسیسی نەجیسی خەبیسی پڕ تەلبیس. غەدداری،خوێنخواری، مەککاری،سەحاری، طەراری، ئەدباری تێ هەڵدرا... ).

ئەم دوو دەقە مەولودە بەشێووازی پەخشان نووسراون،کە باس لە رووداوی لەدایک بوونی پێغەمبەر دەکات سەلامی خوای لەسەر بێت. دەقی دیکەی مەولود هەیە بەڵام زیاتر بە شێوەی شیعر نووسراون، دەچنە قاڵبی شیعرەوە نەک پەخشان.

## پەندی پێشینان